چیرۆك/ئازاد کەریمی

# «نامەیەك لە قبرسەوە»

بۆ دایك و باوکی خۆشەویستم:

مەرحەبا! هیوادارم هەمووتان ساخ و سلامەت بن. ئەگەر لە حالی من ئەپرسن دڵنیا بن باشم. هیچ خەفەت و مەراقێکم لەم دنیایەدا نیە جگە دووری ئێوە نەبێ. نازانن چەندە بیرتانم کردوە! هەر لێرەوە هەتا ماڵی خۆمان سڵاو و حورمەت ئاراستەی ئێوە و خوشك و براکانم و گشت خزم و کەس و کارەکان ئەکەم، دەستی هەمووتان ماچ ئەکەم و لە خودا ئەپاڕێمەوە تەمەن درێژتان بکات.

من لێرە، لەم سەربازخانەدا، شەو و ڕۆژ بیر لەوە ئەکەمەوە کەی کات دەرباز ببێ و ئەم ماوە کۆتایی پێبێت و زوو بە زوو بگەڕێمەوە ئامێزی بە گوڕی بنەماڵەکەم.

لێرەدا ڕووی قسەم ئەکەمە دایکم: دایکە گیان! ئەزانم لە پەژارەی مندای بەڵام پێت ئەڵێم: مەراقی منت نەبێ، جێگەکەم باشە، خواردنم بەردەوامە، جێنوستنم خاوێنە و سەرمام نابێ. هەوای ئێرە زۆر خۆشە، چواردەوری ئەم دوورگە لە گەرمارۆی ئاودایە، بەڵام شوێنێکی گەورەیە و ئەوە نیە کە من بتوانم چواردەوری خۆم ببینم و ئەگەر پێت خۆشە بزانی وا لە کوێم بە مناڵەکان بڵێ نەخشەیەکی جوگرافیا بێنن و دوورگەی قبرس بە تۆ نیشان بدەن و تۆش سەیری بکە، ئەو کات ئەزانی من لە کوێدا ئەژیم.

ئێرە زۆر خۆشە، هەموو جۆرە خواردن و خۆراکی تێدایە، پڕە لە دارستانی زەیتوون. هەتا لە بیرمە ئەوەشت پێبڵێم تەنانەت پەنیری وانیشی[1] تێدا ئەفرۆشن! سەرەتا بە هۆی بۆنی «سیرك»[2] وە کەس نەیئەخوارد بەڵام کاتێ بینیان من چەندە حەزم لێیەتی و چەندە خۆشە ئەوانیش واتە سەربازەکانی تروەك من دەستیان بە خواردنی پەنیری «وان» کرد و ئێستا لە سەرابازخانەکەدا برێکی باش لەو سەربازانە هەرکات بۆ پشوودان ئەچنە ناو شارەوە پەنیری «وان» ئەکرن.

[1] پەنیری وان لە کوردستانی تورکیادا بەناوبانگە.

٢ *Sirik* ، سیرە کێویلە، ئەو سیرەی کە لە کوێستاندا شین ئەبێ.

من لێرە چەن دۆست و هەواڵی باشم بۆ خۆم بینیوەتەوە، یەکیان ناوی «ئۆزان»ە[١] و خەڵکی «کوتاحیە»یە[٢]. زۆر پێکەوە ئەگونجێین، بە قەت برایەك خۆشم ئەوێ، ئەویش بۆ من وایە. باوکی مەلای گوندەکەیانە و وانەی عەرەبی پێووتوە و ئوزان هەندێ عەرەبی ئەزانێ زۆر جاران لە خۆیەوە بە من ئەڵێ: شوکرەن... واتە سپاس! هەرچەن پێی ئەڵێم: من عەرەبی نازانم! دەس بە پێکەنین ئەکات و ئەڵێ: ئەزانم کوڕە! بەڵام هەرکات تۆ قسە ئەکەی گوێگر وا ئەزانێ بە عەرەبی قسە ئەکەی لە بەر ئەوەی پێتی «قاف»، «عەین» و «حا» زۆر بە کار ئەهێنی. مرۆڤ وائەزانێ لە عەرەبستانەوە هاتووی! منیش لە وڵامیدا ئەڵێم: من بەزاراوەی «دۆغوو»[٣] قسە ئەکەم. خەڵکی ئەوێ هەر بە گرامەر و ڕێزمانی سەردەمی «عوسمانی» فێری تورکی بوونە، خەڵکی «دۆغوو» دەیان ساڵ پاش «کۆماریەت»[٤] هەر تورکی‌یان نەئەزانی، ئەو کەسانەش کە فێری خوێندەواری ئەبوون، زمانی تورکی‌یان لە قوتاوخانە کلاسیکەکان ئەخوێند کە مامۆستا ئایینیەکان وانەی قورئانیان بە عەرەبی تێدا ئەوتەوە، کەواتە ئەو تورکیەی سەردەمی عوسمانلی کە تێکەڵ بە وشە عەرەبیەکان بوو فێری خوێندکارانی کورد ئەکرا، هەر ئەوانیش بوون زمانی تورکی‌یان لە «دۆغوو»دا بڵاو کردەوە، تەنانەت وانەی تورکی پاش کۆماریش هەر بە شێوازی عوسمانلی ئەووترایەوە و دوای ئەوە یاسای «ئانادیل»[٥] ڕاگەیینرا، خەڵکی ئاسایی لە «دۆغوو» بۆ فێربوونی زمانی تورکی چاویان لە خوێندەواران ئەکرد و هەر بەو شێوە فێری تورکی بوونە... بەڵام ئۆزان بە پێکەنینەوە ئەڵێ: من ئەمانە نازانم! هەر کات تۆ قسە ئەکەی من خۆشحاڵ ئەبم، پێم‌وایە لەگەڵ باوکم‌دام و ئەویش خەریکە وانەی «عەرەبی»م پێ ئەڵێتەوە.

بابەگیان! بەخۆشی‌یەوە ماوەی سەربازیم کەمە و تەنیا حەوت مانگم ماوە. ئەزانم جارجار نیگەرانم ئەبی بەڵام ڕجات لێ ئەکەم خۆت دڵتەنگ مەکە. هیوادارم ئەمسال بەڕێی «حەج» بکرێیت و خودا بە نەسیبت بکات. بە مناڵەکان بڵێ بخوێنن با بچنە زانکۆوە. باش بوو من ئەو کارەم کرد و خوێندم و ئێستاش شوکر بۆ خودا ئاکامەکەی ئەبینم: بە پلەی چاووشی‌یەوە خەریکی سەربازیم. دیارە لە هەر

---

[٣] *Uzan*

[٤] شارێکی تورکنشینە لە ڕۆژئاوای تورکیا.

[١] *Dogu*، ڕۆژهەلات.

[٢] سالی ١٩٢٣ کە ئاتاتورك جمهوریەتی راگەیاند.

[٣] زمانی دایك، بەپێی ئەو یاسا کەس بۆی نەبوو جگە لە تورکی بە زمانێکی‌تر قسە بکات.

پلەیەکدا بێت سەربازی ناخۆشە بەڵام ئەگەر سەربازێکی ئاسایی ببوایێتم ئەوکات بە دژواری‌یەوە دەرباز ئەبووم. دوو سەربازی خەڵکی «دۆغوو» لێرەن یەکیان خەڵکی «گۆراندەشت»ی «میکسێ»[1]یە و «شیدان»ە[2] و ئەوی‌تریشیان خەڵکی «چەل»ە[3]. هەردووکیان کوڕی چاکن و جارجار «کولێرە» و «مێوژ» و «گوێزم» بۆ ئەهێنن. هەردووکیان زۆر ڕێزم بۆ دا ئەنێن.

نازانم «سینەم» ئەبینن یان نا؟ تکایە دڵنوایی بکەن با دڵی لە خۆی دانەمێنێ و هەست نەکا لە بیرتان کردوە... دایە گیان! بە «سینەم» بڵێ خۆشم ئەوێ بەڵام لە ڕووم هەڵنایە نامەی تایبەتی بۆ بەرێ بکەم... ئێرە پڕە لە تووریست. ئای خودایە ئەم توریستانە بۆ ئەوەندە پووڵخۆشەویستن! دڵیان نایە پارە خەرج بکەن. بەڵام هەندێکیشیان خراپ نین. لە بیرم نەبوو بڵێم جارێکیان کوڕێکی ئازەری تەورێزی کە بۆ تازە کردنەوەی ویزاکەی هاتبوو بۆ ئێرە لەگەڵم بوو بە برادەر. بە تورکی خۆیان هەر ئەیووت «یاخچی» واتە «باشە»!

ئیتر نازانم باسی چیتان بۆ بکەم. ئەوەندە ئەڵێم: دڵتەنگی و دڵگرانی من تەنیا پەژارەی دووری ئێوەیە. ئاگاتان لە خۆتان بێ! بە «فیکرەت» بڵێ لەگەڵ خوشکەکانماندا نێوانی خۆش بێ و ئازاریان نەدا، ماچی «نوران» و «ئایشێ گۆل» و «شاجان» ئەکەم.

هەر لێرەوە هەتا ئەوێ چاوتان ماچ ئەکەم. ئێوەش نامەم بۆ بەرێ بکەن. چاوەڕوانی نامە جوانەکانتانم. خاتری[4] وە!

کوڕەکەتان «فەتحی» لاڤووشکا ـ دوورگەی قبرس

٢٠٠۴/حەزیران/١۶

زۆر سپاس بۆ پۆستەچی، تکایە ئەم نامە بباتە ناونیشانی خوارەوە:

وان ـ گەڕەکی جەودەت پاشا ـ تەنیشت مزگەوتی ئەرەك ـ ژمارەی ١٢ . ماڵی جافەر قاراقۆچ

[۴] ناوچەیێیکە لە غەرزان ـ نێوان وان و بتلیس.

[٥] ناوی هۆزێکە سەر بە عەشیرەتی بە ناوبانگی کورد «ئەرتۆش».

[۶] شارۆچکەیێکی بچووکە سەر بە پارێزگای شەڕنەخ، لە سەر سنووری عێراق، بە تورکی پیێ ئەڵێن «چوکورجا».

[١] خودا حافیز.